# دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بەرهەمی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و خەباتی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانن





# شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ناسنامەیەکە هەرگیز ون نابێت

**قادر قادر**

شۆڕش مانایەکی جیا دەبەخشێت لە بەرانبەر وشەکانی (ئینقلاب و کودەتا) بۆی هەیە تاخمێک یان گرووپێک هەوڵ بدەن سەرکردەیەک یان حکوومەتێک لە سەر تەخت داگرنە خوارەوەو تەختی حوکمڕانی بگرنە دەست، ئەمە هیچ لە مانای حکوومەتداریەکە ناگۆڕێت، بەڵکو Z دەڕوات X حوکم دەگرێتە دەست، لە ئەسلدا هەردووکیان یەک مەبەست دەگەیەنن، ئەویش گرتنە دەستی حوکم و دەسەڵاتەو هیچ گۆڕانکاریەکی ئەرێنی نایەتە بەرچاو، چونکە تاخمێک یان بەشێک بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەت هەوڵیانداوە ڕژێمە کۆنەکە بڕوخێنن و شتێکی دڵخوازی خۆیان بهێننە دی کە بە دەگمەن ڕوویداوە ئەم شتە تایبەتەو دڵخوازە لە بەرژەوەندی سەرجەم گەلانی ئەو وڵاتە یان ژێر دەسەڵاتی ئەم حوکمڕانیە بووبێت، چونکە ویست و بەشداری سەرجەم دانیشتووان و چین و توێژو تاکەکانی ئەم وڵاتە نەبووەو، ئامانج جلەو گرتنە دەستی دەسەڵاتەکە بووە.

هەر لێرەوە پێشەکی بابەتەکەمان دەخەینە ناو دوو قەوس و دەچینە ناو بابەتی مەبەست، کە گەورەترین شۆڕشی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە بە درێژایی چواردە ساڵ ئەویش (شۆڕشی مەزنی ئەیلوول) بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیی نەمرە. لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی بارزان لە ساڵی 1943و دواتریش دامەزراندنی (کۆماری کوردستان) لە مەهاباد و دواتر ئەو گەلەکۆمەی لەو کۆمارە ساوایە کراو ڕێپێوانە مێژووییەکەی بارزانیی نەمرو هەڤاڵانی بۆ (یەکێتی سۆڤیەتی) جاران، ڕۆشنفکران و ڕۆشنبیرانی کورد لە بەشە ئێراقیەکەی کوردستان بیریان لە دروستکردنی میکانیزمێکی گونجاو کردەوە، کە بتوانێ ڕابەرایەتی دانیشتوانی کوردستان بکات و بۆ یەک ئامانج تاویان بدات، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت حزبێک دروست بکرێت کە ئەوەندە دەسەڵاتی ببێت بتوانێ نوێنەرایەتی هەموو فیکرو هێڵەکان بکات و ئەو ببێتە خاوەنی ویستی گەل و گەلیش ببێتە خاوەنی حزب. لە سەر ئەم بنەمایە لە 16ی ئابی 1946رای کۆتایی خۆیانیان داو هەڵسان بە ڕاگەیاندنی دروستبوونی پارتێکی دایک بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. بەڵام ئەمە هەموو ئارەزووەکان نەبوو، بەڵکو نیوە یان دوو لەسەر سێی ویستەکان بوو، چونکە بۆ ڕابەرایەتی کردنی ئەم حزبەو متمانە وەرگرتنی سەرجەم گەلی کوردستان، پێویستیان بە ڕابەرێک یان سەرۆکێکی شایستەو لێوەشاوە هەبوو، بۆیە بە تێکڕای دەنگ بڕیاریاندا مەلا مستەفای بارزانی هەڵبژێرن بۆ سەرۆکایەتی کردنی پارتەکەیان. گومانی تێدا نییە کە بەم هەڵبژاردنەش پتر بوونە جێگای باوەڕی خەڵکی کوردستان، چونکە بارزانی بە کردەوە سەلماندبووی کە دوور لە ڕەچاو کردنی ڕەنگ و زمان و دەنگ و فیکر لە خزمەتی سەرجەم دانیشتوانی کوردستان دایە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی مەزن و سەرکەوتنێکی تاکتیکی گەورە بوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەستی هێنا. پارتی بەم هەنگاوە نیشانی دا کە بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان دروست بووە نەک بۆ گرتنە دەستی جڵەوی حوکمڕانی کردنی خەڵک، هەر بۆیە لە سەر ڕاسپاردەی بارزانیی نەمر پارتی وەکو ئەرکێکی نەتەوایەتی و یەکەم چالاکی خۆی هەڵسا بە ڕێکخستنی ناو ماڵی کوردو کوردستانیان و گوێ کردنیان بە بیرێکی شۆڕشگێڕی نەگۆڕ و ئامادەکردنیان بۆ ئەو کاتە پێویستەی کە پێویست دەبێت کورد شۆڕش بەرپا بکات. پارتی لەم ئەرکەیدا بە تەواوەتی سەرکەوتوو بوو، چونکە لە ماوەی چواردە ساڵ خەباتی سیاسی و شەونخوونی توانی جێگای خۆی لە ناو ماڵ و دڵی هەموو دانیشتوانی کوردستان بکاتەوە و هزری شۆڕشگێڕی تاک بە تاکی کۆمەڵگاکەی بە هێز بکات و بە گیانێکی شۆڕشگێڕیشەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکات. دوای کودەتای ساڵی 1958ی عەبدولکەریم قاسم و ڕوخاندنی ڕژێمی مەلەکی و هاتنەکایەی (نیزامێکی نوێی جمهوری) خەڵکی گەشبین بوون کە ئیتر تارماییەکان دەڕەونەوەو خۆرێکی نوێ هەڵدێت و تیشکی ئەم خۆرەش هەموو کۆڵان و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتە ڕووناک دەکاتەوە، بە تایبەتی دوای ئەو پێشوازیە گەرمەی کە لە میصر و بەصرا و بەغدا لە بارزانی و هەڤاڵانی کرا. ئەم هاتنەوەیەی بارزانی وەکو پاڵەوانێکی میللی و نەتەوەیی هەستی بۆگەنی ناسیۆنالیستی عەرەبی وروژاندو هەر زوو دەستیان کرد بە دروستکردنی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوەو تەشهیر کردنی دەنگی ڕەسەنی شۆڕشگێڕی کوردو نیشاندانی کوردستانیان بە گشتی وەکو ئالەتی دەستی بێگانەو پێناسە کردنیان بە خەڵکێکی گێرەشێوێن و دژی ئینقلابەکەیان و بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلانی ئێراق! ئەمەو ئەگەرچی هەوڵێکی زۆر درا کە لە ڕێگای گفتوگۆو دیالۆگ حاڵی بکرێن کە تۆمەتبارکردنی خەڵکی بە ناڕەوا دژ بە ئەدەبیاتی سیاسی گەلانە، بەڵام سوودی نەبوو، ئەوان واتە عەرەبە ناسینالیزمەکان بەپاڵپشتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی جیهانی سووربوون لەسەر ئەوەی کورد نابێت هاوبەش بێت لە ئێراق، بەڵام دەتوانێ هاوڵاتی پلە دوو بێت و لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی مەرکەز دابێت و خاوەنی هیچ بڕیارو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبێت. ئەمەیان خۆراکێکی تاڵ بوو و لە گەدەی هیچ تاکێکی کورد هەزم نەدەکرا، ڕەفتارێکی قێزەوەنانەش بوو بۆ سوکایەتی کردن بە موقەدەسات و داوا ڕەواکانی گەلی کورد و کوردستانیان، هەر بۆیە سەرکردایەتی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا پاشەکشەیان کرد و ڕوویان کردەوە کوردستان، دوای ئەوەی لە مەرامی گڵاوی دوژمنان دڵنیا بوون کەوا ناتوانن برایەتی کوردو عەرەب بپارێزن، بەڵکو ئەوان کورد هەر بە (زڕ براش) قەبووڵ ناکەن. دوای سێ ساڵ گفتوگۆو نەرم نواندنی هەڵوێستی لایەنی کوردی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و دوورخستنەوەی گەلی ئێراق لە شەڕێکی نەخوازراودا، ئەم هەڵوێستەی کورد بە هەند وەرنەگیراو هیچ سوودێکی نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بگرە لایەنی دووەم وا بیری دەکردەوە ئەم هەڵوێستانە لە بێ هێزی کوردە نەک ئاشتیخوازی، لە لایەکی تریشەوە خەڵکی کوردستان متمانەیان دوو چەندان بوو بەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیی نەمر تا چەند ئامادەبوونە قوربانی بە خۆیان بدەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، بۆیە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ پشتگیریان لە پارتی کردو ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند بۆ بەرەنگاربوونەوەو هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازانەو پاڵپشتی کردنیان لەو شۆڕشەو پاراستنی کولتوورو کیانی کوردی. ئەمە یەکەم دەستکەوتی مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە توانی متمانەی کوردستانیان وەربگرێت و خۆی ئامادە بکات بۆ بەرگرییەکی شەرعی و ڕەوا، بەڵێ لە 11ی ئەیلوولی1961 جارێ شۆڕشێکی سەرانسەری درا بەرابەرایەتی

> **پێشمەرگەو جەماوەری کوردستانیش یەک دەست بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوەو ئەو زەبرانەی کە بەر دوژمن دەکەوت یەک لە یەکتر کوشندەتر دەبوون و (سەفین و زۆزک و هندرێن و زمناکۆو قەرەداغ) وانەیەکی شۆڕشگێڕی بوون کەهەرگیز لە ئەکادیمیە سەربازیەکەی ئێراق حیسابی بۆ نەکرابوو، خرایە ناو بەرنامە دەرسیەکانی سوپای ئێراق و سەرکردایەتی ئێراقیان ناچار کرد ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 مۆر بکەن و دان بنێن بە بوونی گەلی کورد و ئەو مافانەی ڕەوان بۆ کورد ئەگەر بە قسەش بووبێت.**

پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیی نەمر، ئەو شۆڕشەی کە دواجار بوو بە ناسنامەی نەتەوەیی کوردو هەروەها شانازی پێکردنی هەموو کوردستانیان. ئەو کاتەی پارتی جاڕی شۆڕشی دا پێشتر لە ناو ماڵی هەموو کوردستانیەک شۆڕش گڕی سەندبوو، بگرە خەڵکی لە سەبرو هەڵوێستی نەرمی پارتی بێتاقەت و زویریش ببوون، بەڵام دڵنیایان بەرانبەر پارتی هەرگیز لە دەست نەدابوو، دڵنیا بوون کە پارتی نوێنەری ڕاستەقینەی هەموویانەو لە کاتی گونجاودا بڕیاری گونجاوتر وەردەگرێت. شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە پاڵپشتی خەڵکی کوردستان لە هەموو چین و توێژو نەتەوە جیا جیاکانی کوردستان هەڵگیرساو بە هەموو ئەو جیاوازیە ڕەنگی و دەنگی و ئایینیەکانەوە یەک هەڵوێست و هەموویان یەک دەست بەرەو یەک ئامانج ئاراستە کران. بێ گومان کۆکردنەوەی ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازانە لە چوارچێوەی یەک قالبی دیاری کراوی حزبی و ئاراستە کردنیان بۆ یەک بیرو بۆچوون و وەرگرتنی هەڵوێست و ستراتیژیەکی دیاریکراو کارێکی ئاسان نەبوو، کە پارتی توانی ئەنجامی بدات، ئەمەشیان دەسکەوتێکی تر بوو بۆ پارتی کە توانی گەلی کوردستان بە هەڵوێست یەک بخات و کوردێکی زاخۆ بۆ کوردێکی خانەقین سینگی بکاتە قەڵغانی گوللەی دوژمن دوور لە هەموو بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆی و مەبەست تەنها کوردایەتی بێت. ئەم بیرۆکەیە تەنها پارتی و سەرکردایەتیەکەی توانیان پەروەردەی بکەن و لە ناو مێشک و هزری کوردستانیان ڕیشەی داکوتن و بە هێزی بکەن. ئەمەش تەنها چەکی لۆجستیکی دەستی پارتی بوو بۆ خۆ ئامادەکردن و بەرەنگاربوونەوەیەکی دوورودرێژ لە بەرانبەر دوژمنانیان. شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە هەلومەرجێک ئەنجامدرا کە کورد لە هەموو پێشهاتەکانی جیهان و گۆڕانکاریەکان پەراوێز کرابوو، وە شوێنی ئیعرابی لە هیچ ڕستەیەک دیاری نەبوو. لە هەموو لایەک بێ ویژدانانە گەمارۆ درابوو، بە ئەندازەی نوکە دەرزیەک ڕوناکایی شک نەدەبرد تەنها پاڵپشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەبێت. لێرەوە ڕاستەقینەبوونی شۆڕشی ئەیلوول خۆی بەرجەستە دەکات و پەیامی سەرکەوتن دەدات بە نەوەکانی، تەوژمی هێرشەکانی دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکی سەردەمیانە بۆ سەر کوردستان و بە ئاگرو ئاسن وێران کردنی کوردستان نەیتوانی تۆزقاڵێک هەستی شۆڕشگێرانەی گەلی کوردستان کز بکاتەوە، بەڵکو ئیرادەکان پتەوترو بە هێز دەبوون و کورد دەیان داستانی سەربەرزیان دژ بە داگیر کەران تۆمار کردبوو. حیکمەتی بەردەوامبوونی شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ خۆڕاگری و بەرخۆدانی سەرجەم گەلی کوردستان و ڕاستگۆیی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ دانیشتوانی کوردستان. شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ڕۆڵی کارای دەگێڕا بۆ بەڕێوەبردنی ئیداری و کۆمەڵایەتی لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی دابوون، ڕۆژ بە ڕۆژیش گورزی کوشندەی دەدا لە جەستەی دوژمن و دوژمنان هەراسان ببوون کە چ هێزێک پاڵپشتە بۆ ئەم سەرکەوتنانە کە کورد بە دەستی دەهێنێ. بۆیە هەر جارێک کە توشی شکستی گەورە دەبوو و هەستی بە بێ توانایی بکردایە پەنای دەبردە بەر گفتوگۆو دانوستاندن. ئەگەرچی ئەم شێوازە مەرامەکەی ڕوون و زانراو بوون، دیار بوو بۆ ڕێکخستنەوەی هێزە دارماوەکانیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەرکردایەتی کورد بێ مەیل نەبوو لەوەی کە کوردیش پشوویەک بخواتەوەو تۆزێک ماندوبوونی بحەسێتەوە و ئامادەسازی خۆی بکاتەوە بۆ ئەو کاتانەی دوژمن هێز دەگرێتەوە. ئەمەش تاکتیکێکی سەربازیە کە سەرکردایەتی کورد بە حەزەرەوە ڕەچاوی دەکرد. فیکری سیاسی کورد ئەوەندە پێگەیی بوو کە بتوانێ دوژمن بخوێنێتەوە و ئەوەندەش سەقافەی شۆڕشگێڕی وەرگرتبوو کە لە هەڵوێستەکاندا بەرژەوەندی نەتەوایەتی بپارێزێت. بۆ نموونە لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان کە عەرەبەکان بەرەیەکی بە ناو یەکگرتوویان دروست کردبوو، سەرکردایەتی کورد بۆ ئەوەی ئێراق و ڕژێمەکەیان بیانوویان نەبێت لە ساڵەکانی 1967تا 1968بڕیاری ڕاگرتنی شەری یەک لایەنیان دا بۆ ئەوەی سوپای ئێراق بتوانێ لەو بەناو بەرەیە پشتیوانی لە فەلەستینیەکان بکات. دیارە ئەمە هەڵوێستێک بوو کە گەورەیی گەلی کوردی نیشان دەدا، نیەتپاکی سەرکردایەتی کورد بۆ زڕبرا عەرەبەکانمان، کەچی ئەمەش نەیتوانی تۆزقاڵێک لە نیەتی گڵاوی دوژمنان بگۆڕێت، چونکە ئەوان دواتر بە گوڕتر دەستیان کردەوە بە هێرش کردن بۆ سەر کوردستان. پێشمەرگەو جەماوەری کوردستانیش یەک دەست بەرەنگاری دوژمن دەبوونەوەو ئەو زەبرانەی کە بەر دوژمن دەکەوت یەک لە یەکتر کوشندەتر دەبوون و (سەفین و زۆزک و هندرێن و زمناکۆو قەرەداغ) وانەیەکی شۆڕشگێڕی بوون کەهەرگیز لە ئەکادیمیە سەربازیەکەی ئێراق حیسابی بۆ نەکرابوو، خرایە ناو بەرنامە دەرسیەکانی سوپای ئێراق و سەرکردایەتی ئێراقیان ناچار کرد ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970مۆر بکەن و دان بنێن بە بوونی گەلی کورد و ئەو مافانەی ڕەوان بۆ کورد ئەگەر بە قسەش بووبێت. بەڵام گرنگی لەوە دابوو خرایە ناو پرۆتۆکۆڵێک وەکو چارەسەرێکی گونجاوی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو ئێراق. بە درێژایی نۆ ساڵ شۆڕش بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیی نەمر تا ئەو ڕۆژگاران ئەمە گەورەترین دەسکەوتی سیاسی گەلی کوردستان بوو کە دەستکرا بە دامەزراندنی دامەزراوە ئیداریەکان و دامەزراوە شەرعی و تەنفیزیەکان کە لەمەشیان کورد نیشانی دا بە ڕاستی لە ئاست و توانای دا هەیە ئەگەر بۆی بلوێت (خۆگەردانی) یان (خۆبەڕێوەبردن) بە باشترین شێوە بەڕێوە ببات. ئەم دەستکەوتەش نەدەهاتە دی ئەگەر یەک بوون و یەک دڵی پارتی و دانیشتوانی کوردستان نەبا لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا. سەروەریەکەش دەگەڕێتەوە بۆ حیکمەتی ڕابەرایەتیکردنی گەلی کوردستان و متمانەی دوولایەنە. بە درێژایی چوار ساڵ گفتوگۆ بە دەیان پیلانگێڕان دژی کورد نەتوانرا تۆزقاڵێک لە داوا ڕەواکانی کورد کەم بکرێتەوە و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و پارتی و بارزانی مساوەمەیان نەکرد لە سەر بستێک لە خاکی کوردستان بە تایبەتی لە سەر کێشەی (کوردستانی بوونی کەرکوک) هەر بۆیە ناچار کرا کە جارێکی تر شۆڕش لە ساڵی 1974گڕ بگرێتەوە و ئەمجارەیان زۆر بەگوڕوتینتر لە دەسپێکی شۆڕش و ئەو زەبرە کوشندانەی کە شۆڕش لە دوژمنی دەوەشاند هەراسانی کرد بوو، بۆیە هیچ ڕیگاچارەیەکی بەدی نەدەکرد جگە لە گێڕانی پیلانێکی نێونەتەوەیی نەبێت. وەکو وتمان تەنها پاڵپشتی کورد گەلی کوردستان بوو، بیرو باوەڕی هێزی پێشمەرگە، بۆیە نەدەکرا هێزێکی بچووکی بێ (لۆجستیک) و بێ سوپایەکی مونەزەم بەرگری وەها پیلانێک بکات کە بۆ لە ناوبردنی داڕێژرابوو. پارتی هەمیشە و بارزانیش هەمووکات بەرژەوەندی گەلی کوردستانیان لا پیروزتر بووە لە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و تاکەکەسی، کاتێک گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە کورد بە گشتی لە مەترسیەکی گەورەو لەناوبردن دایە لە هەڵوێستێکی بوێرانە بڕیاریاندا لە بەرەکانی شەڕ پاشەکشە بکەن و کورد نەکەنە قوربانی و قوربانیان بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول داو بڕیاری ڕاگرتنیان دا، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، بەڵکو بەم شێوەیە گەلی کورد لەو پیلانە شوومەی 1975ی ئەلجەزائیر ڕزگاری بێت و بەرەو نەمان نەچێت. ئەمەیان گەورەترین سەروەری و دەستکەوتی پارتی دیمکراتی کوردستان بوو چونکە حەکیمانە کوردیان لە پیلانێکی نەگریس پاراست و نەیانکردە قوربانی بەرژەوەندیە تەسکەکانی حزبایەتی و (زۆریشی نەخایاند شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕەنگ و بۆیەکی تر و جل و بەرگێکی تر گڕی سەندەوەو زنجیرەی خەباتەکانی ئەم دەسکەوتانەی ئەمڕۆمانی لێکەوتەوەو ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردی و حکوومەتی هەرێم و دامودەزگا شەرعی و یاساییەکانی کە بێگومان سەروەریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول) لێرەوە سڵاو دەنێرم بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و سەرکردایەتیە بە ئەمەکەکەی و سەری ڕیز و نەوازیش دادەنوێنم بۆ سەرجەم شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و لە سەرووشیانەوە بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، بەرز و بەنرخ بێت یادی 49 ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، سڵاو لە پێشمەرگەکانی، سڵاو لەگەلی کوردستان...

# ڕاگەیاندراوی دەزگای باڵای ئەیلوول بەبۆنەی 49 یەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

بەڕێز جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، بەڕێزان جێگری سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و گشت لقەکانی پارتیمان و دەستەی گشتی (فلک) و گشت فەرماندەییەکان. خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، سەرجەم کادیرو پێشمەرگەو لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، جەماوەری بەشەرەفی کوردستان، شۆڕشگێرانی ڕاستەقینەی ڕێبازی کوردایەتی، دۆستانی گەلی کورد لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا.
سڵاوی شۆڕش و پێشمەرگایەتیتان لێبێت...

سەربەرزین لە یادی 49 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، سەربەرزانە لەخزمەت ئێوەی بەڕێزین، بێگومان شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، سەربەرزیشین کە وەکو پێشمەرگەیەک لەم شۆڕشە مەزنەدا لە خزمەت خواستی ڕەوای گەلی کوردستاندا بووینە.

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکە هەمیشە لە یادەکەی، باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر، مەزنترین شۆڕشی هاوچەرخی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بوو، کە لەساتە وەختێکدا هەڵگیرسا، ناسنامەی نەتەوەی کورد مەترسی لەناوبردنی هەبوو، بۆیە جێی خۆیەتی کە دەڵێین شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ناسنامەی گەلی کوردە.

بێگومان خەباتی پارتی لە ڕابەرایەتی کردنی ئەم شۆڕشە نکۆڵی لێناکرێت و شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش دەستکەوتی مەزنی بۆ گەلی کوردستان بەدەستهێناوە. ئەو داستانە مێژووییانەی لەسەر دەستی پێشمەرگە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول تۆمارکراون مایەی شانازییکردنی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستانییەو شاخەکانیش شایەدن.

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بناغەی هەموو ئەو شۆڕشانەیە کە دوا بەدوای ئەوەوە هاتنە گۆڕەپانەوە. بەشانازیشەوە دەڵێین زۆربەی سەرکردەکانی ئەو حزبانەی کوردستانیش لەو قوتابخانەیە پەروەردە کراون. هەروەها لەسەر دەستی ئەم شۆڕشە گەورەترین دەستکەوتی مێژوویی بۆ کورد بەدەست هات، ئەویش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970و داننانی دوژمنان بوو بەبوونی گەلێک لە کوردستانی ئێراق بەناوی کورد و مافی بوونی ژیانی بەرامبەری هاووڵاتیبوونی کوردستانیان. دیارە تا ئەو سەردەمانە ئەمەیان بە گەورەترین دەستکەوت هەژمار دەکرێ، کە هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئەو دەستکەوتانەی ئەمڕۆی لێکەوتۆتەوە کە بریتین لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاو دامەزراوە شەرعی و یاساییەکانی کە بەهەمان هەستی شۆڕشگێڕیی، ئەمڕۆ لە خزمەتی سەرجەم چین و توێژ و تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە دان، ئێمەش سەربەرزین کە ئەمڕۆ و تا هەمیشەش هەر بە هەستی شۆڕشگێڕانەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە خزمەت سەرجەم گەلی کوردستان داین و دەبین.

جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەین و بۆ پێشەوە بەرەو ئامانجی کۆتایی ئینشائەڵڵا..

نەمری بۆ سەرجەم شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و لە سەروویانەوە بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد، بژی کورد، بژی کوردستان...

**دەزگای باڵای ئەیلوول**